کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
10-2-2007 22:38 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## یاریەکانی خولی ئیتاڵیا بەبێ جەماوەر دەچێت بەڕێوە ... ئەنوەر خەراجیانی




هەفتەی ڕابردوو لە یاریگای سەقلیا یاری نێوان کاتانیاو پالیریمۆ بەڕێوە چوو لە ئەنجامی ئاژاوە گێری پۆلیسێك گیانی لە دەست دا و چەندین بریندار بوونێکی لێکەوتەوە، حکومەتی ئیتاڵیا بڕیاریدا گشت چالاکیەکی یاری تۆپی پێ ڕاگرێت تا کاتێکی نادیار، وەزیری ناوخۆیی ئیتاڵیا (جولیانو ئەماتو) لە ناو پەرلەماندا فەرمی دەێت پۆلیس هەوڵی جدی بدات بۆ دەستگیرکردنی تاوان بارانی ڕووداوی دوورگەی سەقلیا، بەگوێرەی قسەکەرێکی پۆلیسی ئیتاڵیا

تا ئێستا 34 گومان لێکروا گێراون ئێستا سەرقاڵی لیکۆڵینەوەن لەگەڵیاندا وەزیری وەرزشی ئیتاڵیا (جیو فانا میلاندری) دەڵێت لە کۆیی 22 یاریگا تەنها 6 یاریگا ئاسایشی تێدا پارێزراوە، سەرۆك وەزیرانی ئیتاڵیا بە توندی ڕەخنەی لە یانەکان گرتوو دەڵێت بەشی زۆری پاراستنی ئاژاوە گێری دەکەوێتە سەر شانی یانەکان بۆ ئەم مەبەستە دەبێت چارەسەرێکی بنەڕەتی بدۆزرێتەوە بۆ نەهێشتنی ئاژاوە گێری وەزیری ناوخۆ و بەرپرسی پۆلیسی ئیتاڵیا پێشنیاری ئەوەیانکرد لە ناو پەرلەماندا لەمەودوا پۆلیس دەبێت دەسەتەڵاتی زیاری هەبێت لە کاتی شەڕو پێکدادان هەروەها پۆلیس دەبێت دەستبەجێ تاوانباران دەستگیر بکەن و سزای قورسیان بەسەرا بدرێن.

میشیل پلاتینی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئەورووپا (یوفا) لە کەنالیکی فرانس 24 ی فەڕەنسی فەرمووی من بەهیچ شێوازێك لەگەڵ بڕیاری حکومەتی ئیتاڵیا نیم بۆ قەدەغەکردنی هاندەران بۆ ناو یاریگاکان یاری تۆپی پێی یاریەکی جەماوەریە واتە ناکرێت یاری بەبێ هاندەران بێت ئەم ڕووداوەی دورگەی سەقلیا زۆر جار ڕوویداوە لە وولاتەکانی جیهان لە تورکیا یاری نیوان لیدز یونایتید و گەلەتە سەرای لە خولی چامپیون چەند هاندەرێکی ئینگلیز بوونە قوربانی بۆ ئەم مەبەستە دەبێت یاریگاکان باشتر بکریت لە ڕووی ئاسایشەوە تا ئەم جۆرە ڕووداوانە کەمتربکرێنەوە یانەکانە دەبێت لە ناو و دەرەوەی یاریگاکاندا چەندین کامیرە دابنرێت بۆ دەست نیشانکردنی ئاژاوە چییەکان پاشان پاسەوانی ناویاریگاکان دەبێت بەڕێکو پێکی پشکنینی تەواوەتی ئەو کەسانە بکەن کە دێنە ناو یاریگاکانەوە ئەمڕۆ یاری نیوان ئەیسی میلان و لیفرونە لە یاریگای نێودەڵەتی بەناوبانگ (سان سیرو) بەبێ هاندەر چوو بە ڕێوە.

ئامادەکردنی
ئەنوەر خەراجیانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.